# هند بە مەرج دەبێتە وەزیری رۆشنبیری

خانمە ئەکتەری ناوداری تونسی هند سەبری بێ ئومێدیی خۆ دەربڕی بەرامبەر بە دەرئەنجامەکانی شـــۆڕش و راپەرینەکانی بەهاری عەرەبـــی دەربڕی کە نەیتوانیوە ئەو ئامانجانـــەی لە پێناویاندا هەڵگیرســـان و بـــە هەزاران رۆڵەی ئەو وڵاتانە گیانی خۆیان کـــردە قوربانی لە پێناوی و چەندین وڵات عەرەبی خاپور کران و تێکدران و ئابووریشیان زۆر دواکەوت. لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری (ســـیدتی) دا ئەوەی روون کردەوە کە خۆپەرســـتی بزوتنەوە و حزب و لایەنە سیاسییە عەرەبییەکان ئەوانەی بەشـــدارییان لە هێنانەدی و هەڵگیرسانی شۆڕشەکاندا کرد، هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ ئەوەی نەتوانرێت ئامانجەکانی بەدەســـت بهێنرێت، ئەمەش بەهۆی ئەو خۆپەرستییەی باڵی بەسەر ئەم لایەنانەدا کێشـــابوو، هەر بۆیەش هەندێك کەس رووداوەکانی بە پیلانگێڕی وەسف دەکات، بەڵام ئـــەوەی لە میســـر روویدا دوای ٣٠ی یۆلیـــۆ، پێچەوانەی ئەمەیَ ســـەلماند و بوو بە پەندێك بۆ ئەوانـــەی دەیانەوێ پیـــلان دژی وڵاتە عەرەبییەکان بگێڕن. لە وەڵامی ئەو پرســـیارەی کە ئەگەر رۆژێك پۆستی وەزیری رۆشنبیریی تونسی پێشکەش بکرێت ئایا ئامادەیە ئەو پۆشتە وەربگرێت هند وتی: ئەگەر بزانم من شیاوم بۆ ئەو پۆستە و دەتوانم بەرپرسیارییەتیەکە هەڵگرم و خزمەتی میللەتی خۆمی پێدەکەم و کەسێکی لە من شیاوتر نەبێت بۆ ئەو پۆســـتە، بێگومان ئەو پۆســـتە وەردەگـــرم، بـــەڵام ســـەرەڕای ئەمـــەش هند رایگەیانـــد کـــە مەرجی تایبەتی هەیـــە بۆ ئەوەی ببێتە وەزیری رۆشـــنبیری تونس، و لـــەم بارەیەوە وتی: مەرجـــی ســـەرەکیم ئەوەیە کە نابێ هیچ کەسێك دەست بخاتە نێو کاروبارەکانم و لە دەسەڵاتەکانم کەم بکاتـــەوە، پێموایە ئەمەش کارێکی زۆر زەحمە، بۆیە من دڵنیام کە هیچ کاتێك ئەو پۆستەم پێ نابەخشن.





## دابەزاندنی کێش بـــــ

دوای ئەوەی ئەستێرەی جیهانی کیم کارداشـــیان رایگەیاند کە توانیویەتـــی لە ماوەی تەنیا دوو هەفتـــەدا بڕی پازدە کیلۆگـــرام لە کێشـــی دابەزێنێـــت بەهـــۆی ئەو ئـــازارەی لە کاتی نەشتەرگەری منداڵبوون کێشـــای، چەند پسپۆرێکی تایبەتی بواری نەشتەرگەری و خۆراك رایانگەیانـــد کە دابەزاندنی ئەم کێشە زۆرە لە ماوەی دوو هەفتەدا دوور نییە مەترسییەکی راستەقینە لەسەر تەندروستی کیم درووست بکات.

تابۆر تیلز کە پســـپۆرێکی ناســـراوی جیهانییە لـــە بـــواری خـــۆراك دابەزاندنی ئەم کێشـــە لە مـــاوەی دوو هەفتە بە کارێکی ناسروشـــتی و نا تەندروســـتی وەســـف دەکات و مەترسیی خۆیشی نەشـــاردەوە و پێویستە هەر کەســـێك بیەوێت کێشی

# تۆبا شانازیی بە چییەوە دەکات

تۆبا بۆبۆکستۆن کە لەلایەن جەماوەر بە لەمیس ناسراوە یەکێکە لەو ئەستێرانەی تورکیا کە بە فیلم و زنجیرە دراماکانی سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بەدەستهێناوە لە تورکیا و زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئێستا خاوەن جەماوەرێکی زۆرە کە بووەتە هۆی ئەوەی لەسەرووی ئەستێرەکانی تورکیاوە بەت لەرووی جەماوەرییەوە، و لە هەندێك وڵاتانی عەرەبی زیاتر لە ئەکتەر و ئەستێرەکانی ناسراوە لەلایەن جەماوەر.

لەمیس دووپاتیکردەوە کە زنجیرەی (عاصی) شوێن و پێگەیەکی تایبەتی هەیە لە ژیانی تایبەتی ئەودا و لە دڵەوە خۆشەویستیی بۆ ئەو کارە هەیە، چونکە زیاتر لە هەموو کارەکانی دیکەی شانازیی پێوە دەکات و لەم بارەیەوە دەڵێ: لە ژیاندا زۆر کار ئەنجام دەدەین کە بە موڵکی خۆمانی دەزانین و شوێنێکی تایبەتییان هەیە تەنانەت بە بەشێکی ژیانی خۆمانی دەزانین کە ناتوانین دەستبەرداری بین، بۆیە من ئێستا زۆر خۆشحاڵم و خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە ئەم شتەم لە ژیان هەیە ئەویش زنجیرە درامای ( عاصی )یە و تا ماوم لە یادی ناکەم، من پێشتر چەندین کاری هونەریم ئەنجامدابوو و هەر هەموویشیان جەماوەری تایبەتی خۆی هەبوو، بەڵام پێموایە ئەم زنجیرەیە بووە هۆی ئەوەی زیاتر بناسرێم و جەماوەری زیاتر بۆ خۆم پەیدا بکەم، چونکە جەماوەری ئەم زنجیرەیە لە زۆر وڵاتان هەبوون و تایبەت نەبوو بە تەمەنێك یان چینێکی دیاریکراو بەڵکو لە هەموو تەمەنەکان سەیریان دەکرد بەتایبەتی لە وڵاتە عەرەبییەکان.

لەلایەکی دیکەوە ئێستا بەشی دووەمی زنجیرە درامای (خۆشەویستی و پارەی رەش ) نمایش دەکرێ کە تۆبا رۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت لە پاڵ ئەستێرەی سینەمایی و درامای تورکی ئانجین اکیوریك کە بە کەریم ناسراوە.





## ـــــــۆ کیم زیانی هەیە

دابەزینێت پەلە نەکات، لەلایەن خۆیەوە کیم کارداشیان بە چەند ماڵپەرێکی راگەیاند لەوانەش ماڵپەری (بوش)کە هەست دەکەم ئیرادەیەکی بەهێز و راستەقینەی هەیە و بەردەوام دەبێت لە دابەزاندنی کێشی لەشی، کیم لەم بارەیەوە گوتی: نزیکەی ٣٥ کیلۆگرام کێشی لەشم زیادی کردبوو ئەمەش دۆخێکی دەروونی ناخۆشی بۆ درووستکردبوو و لەرووی تەندروستیشەوە گرفتی بۆ درووستکردبووم.

بەڵام ناتۆر رایگەیاند کە لەدەستدانی ئەم کێشە لە کاتێکی کەمدا وا دەکات هێزی ماسولکەکان کەم بێتەوە و پێست و شلەمەنییەکانی لەش کەم دەکاتەوە و ئەمەش بە بەدخۆراکی ولاوازی گشتی دادەنرێت.

کیم کارداشیان لە وەڵامی مەترسییەکانی ناتۆر گوتی: لەماوەی رابردوودا بە بەردەوام رۆژانە زیاتر لە جارێك وەرزشی دەکرد، ئەمە جگە لە پیادە کردنی سیستمێکی قورسی خۆراك و رێکخراو کە بە هیچ شێوەیەك چەوری تێدا نەبووە بۆ ئەوەی زۆرترین کالۆری و چەوری زیادی لەشم لە دەست بدەم.